# گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد لیدەری حزب و
# ئەمجەد غەفور سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
# لەبارەی دوا گۆرانکاریەکانی عیراق‌و کوردستان و مەسەلەی "هەڵبژاردن"ەوە

**سازدانی: خەسرەو سایە**

**ئۆکتۆبەر/ پیشهات‌و رووداوەکانی چەند رۆژی رابردووی شارەکانی عیراق‌و کوردستان، لەوانە باری نائەمنی هاولاتیان‌و دریژەکیشانی تیرۆرو کوشتارو بۆردمانی شارەکان، بارگرژی نیوان حکومەتەکەی عەلاوی‌و دەولەتانی هاوسنور، بەشداری نەکردنی چەندلایەنی ئیسلامی، گرفتی کەرکوك‌و هەلویستی ئەحزابی کوردی... ئەمانە مەسەلەی "هەلبژاردنەکانی عیراقیان" لەنیو ئیحتمالی دواخستن‌و چوونە پیشەوەیدا داناوە، لەمبارەوە سیناریۆی موحتەمەلی نیوان ئەم بارودۆخانە چون دەبینن وپیشبینیتان چیە؟ ئیوە ئەم پیداگرییەی ئەمریکاو لەرزۆکییەی حکومەتی کاتی چون هەلدەسەنگینن‌و لەکام رەوتی سیاسیدا دەیبینن؟**

ریبوار ئەحمەد/ بە بروای من هەر لەسەرەتاوە ئەم پرۆژەیە لەبەردەم ئەو ئیحتمالاتە جۆراوجۆرانەدا بووە. پیداگری هەر یەك لە لایەنەکانی پشتی پرۆژەی "هەلبژاردن" بەلگەی خۆی هەیە. بەلام ئەوەی ئاشکرایە کە پیداگری هیچ لایەکیان لە روانگەی پیویستی بەرپاکردنی هەلبژاردن بۆ دەخالەتی خەلك‌و لە ئارادا بوونی زەمینەکانی هەلبژاردنەوە نیە. ئەمریکا لە عیراقدا هەم کەتوەتە گیژاویکی سەختەوەو هەم لە ژیر فشاریکی گەورەدا قەراری گرتووە. پیداگری ئەو لەسەر "هەلبژاردن" سیناریۆیەکە بۆ خۆ دەربازکردن لەو گیژاوەو سوککردنەوەی ئەو فشارە. ئەگەر سەر بگریت لەلایەك دەیەوێ بە دنیای نیشانبدات کە پەیامی دیموکراسی بە عیراق گەیاندوەو لە سیبەری \لەسەر ئەم مەسەلەیە هەولیکە بۆ کەلك وەرگرتن لە فرسەتیك کە بۆیان رەخساوە تا بە پشتیوانی جمهوری ئیسلامی‌و لە نیو ئەم سیناریۆ رەشەدا جیگاوریگاو بەشە دەسەلاتی خۆیان پتەو بکەن. لە روانگەی ئەوانەوە ئەم سیناریۆیە بۆ هەلبژاردن نیە لە نیوان لایەن‌و بەدیلەکان، بەلکو راستەوخۆ دەرفەتیکە بۆ دەنگدان بە شیعەو هیچی تر. گەلیك فاکتەری محەلی‌و ناوچەییش بە قازانجی ئەو مەبەستەی ئەوان کاریگەری دادەنین. بۆیە بەریش‌و شمشیرو عەمامەوە بونەتە خەمخۆری گەورەی دیموکراسی‌و هەلبژاردن. دەستەو تاقمەکانی دەسکەلای ئەمریکا زیاتر پشتیان بەوەیە کە راستەوخۆ ئەمریکا بەشیان بۆ مسۆگەر بکات. عەلاوی لیرەدا بە جنسیەی عیراقیەوە راستەوخۆ نوینەرایەتی سیاسەتی ئەمریکا دەکات‌و ئومیدی خۆی بەوەوە گریداوە کە بە هۆی ئەو دەورەوە کە بۆ ئەمریکای دەگیرێ، جیگاوریگای سبەینێی خۆی مسۆگەر بکات. ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بەشیکی ناچار کراون کە بەشداری‌و پشتیوانی لەم سیناریۆیە بکەن، بەشیکیشی لیکدانەوەیەکی خاوو هەلەیان هەیەو پییان وایە ئەوانیش دەتوانن بە هەلخراندنی خەلکی کوردستان لە دەوری ئەوەی کە "دەبێ بەشداری بکەین‌و دەوری کورد لە دەولەتی مەرکەزی بەهیزبکەین" بەشە دەسەلاتی خۆیان مسۆگەر دەکەن.. لە کاتیکدا ئەم سیناریۆیە زۆرتر رووی لەوەیە کە هاوکیشەکە بە زەرەری ئەوان بشیوینێ.

بە هەرحال ئەم پرۆژەیە پر لە ناکۆکیەو کۆسپی زۆری لەبەردەمدایە، هەم بەریوەچون‌و هەم فەشەلی هەردوکیان محتەمەلن، بەلام ئەگەری بەهیز ئەوەیە کە هەر جۆریك بووە بە تایبەت ئەمریکا هەولدەدات ئەگەر سیناریۆکە لە رادەبەدەر کارتۆنی‌و پوچیش بیت، هەر بەریبخریت‌و لەبەرچاو رای گشتیدا ئەمە بکاتە مەشروعیەتیك لە پشتی هەنگاوەکانی داهاتوی لە عیراقدا. بەلام ئەوەی وەکو رۆژی روناك ئاشکرایە، ئەوەیە کە ئەم سیناریۆیە نە تەنیا وەزعیەت بەرەو ئارامی باشتر نابات، بەلکو ئالۆزتری دەکات‌و بەلانس‌و هاوکیشەی ئیستا زیاتر دەشیوێنێ‌و کیشەو پیکدادانی هیزە ناکۆك‌و رەقیبەکان لەسەر بناغەی قەومی‌و تائیفی توندتر دەکاتەوەو رەوتی کارەستباری کۆمەلگا پەرەپیدەدات.

**ئۆکتۆبەر: هاوری ئەمجەد غەفور هەروەك ئاگادارن یەکیتی وپارتی‌و چەند حیزبی تری کوردستانی بەناوی "لیستی نیشتمانی‌و دیموکراتی کوردستان"ەوە بەشداری هاوبەش لەهەلبژاردنەکاندا دەکەن‌و لەمبارەشەوە لائیحەیەکی چەند خالیان بۆ خەلکی راگەیاندووە، پرسیاری ئیمە لەمبارەوە ئەوەیە کە ئەم ریکەوتن‌و یەکگرتووەی یەکیتی وپارتی**

**ولایەنەکان تاچەند پایەدار دەبینن؟ هاوکات سەرنجی ئیوە چیە لەسەر ناوەرۆکی لائیحەیەك کە خستویانەتەروو وەتاچەند پیتان وایە بەندەکانی تەعبیرن لەخواستەکانی خەلکی کوردستان؟**

ئەحمەد غەفور: جاری پیش ئەوەی باس لەریکەوتن ویەکگرتنی پایەدار یا پایەدارنەبونی ئەو لایەنانە بکەین کە جیگای ئاماژەتانە، پیویستە ئەوەمان لا رۆشن بیت کەهینانە ئارای هەلبژاردنو شیوەی بەریوەبردنی ئەو هەلبژاردنە دریژەدانی هەمان سیاسەتو پلانو نەخشەیەکە کە دەولەتی ئەمریکا لە داگیرکردنی عیراقەوە بە گویرەی بەرژەوەندیو کیشمەکیشی لە بەرامبەر رەقیبەکانیدا پیادەی کردووەو پیادەی دەکات، وە ئیستاش دەیەویت بە هەر شیوە گالتەجارو کلیشەیەك بیت سیناریۆیەکی هەلبژاردن بەریَ بخاتو شەرعیەت بدات بە شیوە حوکمیکی گویَ لەمستی خۆی، وە ئەو حیزبو لایەنانەش کە خۆیان لە گەل سیاسەتو بەرژەوەندیەکانی دەولەتی ئەمریکا دەگونجینن، تەنها لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانن ریکەوتنو یەکگرتووبوونی نیوانیان پایەداربکەن بەدەوری قازانجو دەستکەوتەکانی دەولەتی ئەمریکا بمیننەوە. حالەتیکی واش ئاشکرایە کە هیچ پەیوەندیکی بە خواستەکانی خەلکییەوە نیەو درەنگ یان زوو لەگەل رووداوەکانی داهاتووو تیکچوونی تەوازنی هیزەکاندا ئەم یەکیتی ویەکگرتووبوونە تیکدەچیو هەرخۆشیان گالتەی پیدەکەن، لەمبارەشەوە نمونە زۆرە، ئەگەر کەسیك بیەویت بەدوای جدی بوونی یەکیتی وپارتیو بانگەشەی ریکەوتنو یەکگرتوو بوونیانەوەبیت لەنیوان خۆیانو لایەنەکانی تردا..

وە لەلایەنیکی تریشەوە ئەگەر لەسەر بنەمای وەزعیەتی زیاتر نائەمنو بارزبونی زیاتری ئەحزابی ئیسلامی سیاسیو شوفینستی عەرەبی باوەرمان بەوە هەبیت کە ئەم هەلبژاردنە نەك ئاکامیکی ئیجابی نابیتو ئارامیو جیگیربونی سیاسی لە عیراقدا پیك ناهینی، بەلکو وەزعیەتیکی مەترسیدار بەرەو رووی خەلکی دەکاتو نائەمنی زیاتروزیاتر فەراهەم دەکات، ئەوا خەلکی عیراق بەرەو شەری ئەحزابو تائفیو قەومی کیش دەکات. لەحالەتیکی ئاواشدا ئەوە رۆشنە کەهەر لیستیکی هاوبەش بە هەر لائیحەیەکەوە کە لە چوارچیوەی دەولەتی عیراقدا خۆی خستۆتە روو ناتوانیت پتەوو تاسەر بیتو ئاشکراشە کە ناکریَ بە قازانجی خەلکی کوردستان تەواو بیت.

ئەو لائیحەیەش کە حیزبە کوردیەکان رایان گەیاندووە زۆر بە ئاسانی ئەتوانین بلیێن لەگەل خواستەکانی خەلکیدا نایەتەوە، لە کاتیکدا خواستی خەلکی کوردستان جیابونەوەو پیك هینانی دەولەتیکی سەربەخۆیە، وە بەرژەوەندیو رزگاربونی خەلکی کوردستان بە دوور راگرتنیێتی لە ئاشوبو کیژاوێك کە ئیستا عیراق دەرگیریەتی، وە خودی ئەو لائحەیە بەناوی فیدرالیزمو بەندەکانی تریەوە دەیەویت کوردستان بخاتەوە ژیر رکیفی حکومەتی ئایندەی عیراق کە دەولەتیك دەبیت لە ژیر بالادەستی ئیسلامی سیاسیو ناسیۆنالستی عەرەبیدا، بۆیە باشتر وایەو خەلکی قازانجیان لەوەدایە بەم جۆرە لیستو ریکەوتنەی یەکیتی وپارتی هەلنەخەلەتینو نەچنە هەلبژاردنیکەوە کە ئیلحاق بوونەوەی کوردستان بەدوای خۆیدا دینی.

**ئۆکتۆبەر/ دەست دریژی چەند رۆژ لەمەوبەری هیزەکانی ئەمریکا بۆسەر شاری هەولیرو بریندار‌بوونی ژمارەیەك لەخەلکی مەدەنی، دۆستایەتیو پەیوەندی نیوان ئەحزابی دەسەلاتداری کوردستانو ئەمریکای لەبەردەم رای گشتی خەلکی کوردستاندا بردە ژیر پرسیارەوە، بەلام کاردانەوەیەك کەلیپرسراوانی پارتی لەم رووداوانە لەخۆیان نیشاندا موجامەلەو دووپاتکردنەوەی دۆستایەتیيان بوو لەگەل ئەمریکادا، ئیوە چ راستیەك لەم رووداوەو هەلویستانەی پارتی دەخەنەروو؟**

ریبوار ئەحمەد/ کاردانەوەی پارتیو ئیدارەکەی بەرامبەر ئەم پەلامارە ملهورانەیەی ئەمریکا بۆسەر شاری هەولیر، بە هیچ جۆریك جیگای رامانو چاوەروان نەکراو نەبوو. ئەحزابی ناسیونالیستی بە دریژایی میژویان ئەوەیان نیشانداوە کە زۆر لەوە ناکارامەترو بیَ جەسارەترن کە بەرامبەر رووداویکی وا هەلویستی شایستە دەربرن. ئەوان لە ئاست ئەمریکادا ملیان لە موو باریکترە. ئامادەن بە لیشاو خەلکی کوردستان لەبەرپیَی ئەمریکاو هیزەکانی سەربرن، ئامادەن پیش لەشکری بۆ بکەن، ئامادەن ئەمە بۆ هەر خاوەن دەسەلاتو دەولەتیکی دیکەش بکەن وە کردویانە. ئەمە رەوشتو شیوەی ئەوانە بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان. گلەیی زەبونانەو پارانەوە شیوەی هەمیشەیی ئەوان بوە لە بەرامبەر "خیانەت"و خەتای دۆستە خاوەن دەسەلاتەکانیاندا.

لە ماوەی نزیك بە دوو سالی رابردوودا ئەوەندە بەلگەی دژایەتی "خیانەت"ی ئەمریکا لەگەل ئەم حیزبانە لەبەردەستدایە کە پیویستی بەوە نەبیت چاوەریَی بۆردومانی هەولیر لە لایەن ئەمریکاوە بکریت بۆ گەیشتن بەم حوکمە. بەرجەستەترینیان پشت کردنی بوو لەو دەسکەوتە

"مەزن"یان کە لە یاسای ئیدارەی عیراقدا دلی خۆیان پی خۆشکردبوو. لەلایەن ئەم دۆستو پشتیوانە مەزنەیانەوە تا ئیستا دانیکی خیر بە خواستە هەر سەرەکیەکەی ئەواندا نەنراوە کە فیدرالیزمە.
مەسەلەی سەرەکی لە کاردانەوەی پارتی بەرامبەر ئەم پەلامارەی ئەمریکا بۆ سەر هەولیر مەحکومکردنو هەلویست لە خودی ئەو کردەوە ملهورانەیە نیە، بەلکو پرتەو بۆلەیە بەرامبەر ئەوەی کە هیچ جیگایەکی بۆ ئەوان دانەناوەو پرسو راو هاوئاهەنگی لەگەل نەکردون.
بە بروای من بەدەر لەوەی کە چ مەرام یان سیاسەتیك لە پشتی ئەم پەلامارەوە راوەستاوە، دەبێ ئەو راستیە لەودیوی فروفیشالی ئەحزابی ناسیونالیستەوە بۆ خەلکی روون بکاتەوە کە دەولەتی ئەمریکا هیچ سۆزیکی خوینی بۆ رەگەزی کورد نیە، ئەمریکا پشتو پەنای مافو ئامانجەکانی خەلکی کوردستان نیە بەلکو خۆی مانعیکی گەورەیە لەبەردەم دەستەبەربوونی ئەو ئامانجانە. ئەوەی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی وەکو پشتیوانی ئەمریکا بۆ مافەکانی خەلکی کوردستان دەرخوادی خەلکی دەدەن، شتیك جگە لەوەی کە ئەمریکا مەسەلەی کوردو ستەمکیشی خەلکی کوردستانی وەکو کارتیك بەدەستەوە گرتوە کە لە خزمەت بە ئامانجە کۆنەپەرستانەکانی خۆیدا بەکاری دەهێنێو لە پای خۆشخزمەتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیش بە سیاسەتەکانی، ئیمتیازیکی نیوەناچلی پیداون کە ئامادەش نیە بە رەسمی بۆیان سەقامگیر بکات.
ئەم رووداوە دەبی ئەو ئەنجامەی لی بگیریت کە ئەمریکا دەولەتیکی سەرکوتگەرو خاوەن هیزیکی ملهورانەیە، هیچ پرەنسیپیکی سیاسیو ئەخلاقی نیە بۆ ریزگرتن لە پیوانەو مافە ئینسانیەکان، لە هەر جیگایایەك مەرامو مەبەستە درندانەکانی پیویست بکات، کویرانە بۆمبەکانی بەسەر خەلکی مەدەنیدا دەبارێنێ. ئەمە رەوشتی ئەم دەولەتە بووە لە دەیان سالی رابردوودا، لە 14 سالی رابردوودا هەموو رۆژیك ئەمەی بەرامبەر خەلکی عیراق دەکرد کە ناسیونالیزمی کورد چەپلەی بۆ فرۆکەکانی لیدەدا. ئەمریکا دژایەتییەکی توندو کویرانەی هەیە لەگەل ئازادیو تەمەدونو سەرجەم مافە ئینسانیەکاندا، بۆیە خەلکی ئازادیخوازی کوردستان نابێ بۆ دەستراگەیشتن بە مافەکانیان هیچ خۆشباوەریەکیان بە ئەمریکا هەبیت، بەلکو دەبی شابەشانی خەلکی عیراق بۆ کردنەدەرەوەی ئەمریکاو دەسکۆتاکردنی هیزە قەومیو دینیەکانی هاودەستی توانای خۆیان بەگەر بخەن.

**ئۆکتۆبەر: دیدارەکانی ئەم دوایانەی تالەبانی وبارزانیو کاربەدەستانی حکومەتەکانیان لەگەل ئەمریکاو سەرانی حکومەتی عەلاوی وهاوکات ئەوەی لە راگەیاندنەکانی هەردوو حیزبی دەسەلاتداردا بەرچاوە، جاریکیتر کیشەی کەرکوك بۆتە کارتیك بۆ بەشداری ئەم دووحیزبە لەهەلبژاردنی ئەنجومەنی پاریزگای ئەم شارەدا، لەمبارەوە مەرجی یەکیتی وپارتی دانپیدانانە بەشاری کەرکوك وەك شاریکی کوردستانیو زیادکردنیەتی بۆسەر ناوچەکانی ژیر دەسەلاتیانو هاوکات جیبەجی کردنی بەندی 58ی یاسای بەریوەبەردنی حکومەتی کاتیە کە تێیدا ئاماژە بۆ گەرانەوەی ئەو کوردانە کراوە کەبەزۆر لەشاری کەرکوك دەرکراون.. ئیوە ئەم هەلویستانەی یەکیتی وپارتی چون دەبینن وەتاچەند پیتان وایە بۆ بەرژەوەندی خەلکی ئەمشارەیە؟**
ئەمجەد غەفوور: ناسیۆنالیزمی کوردو حیزبەکانی نەك لەم هەلبژاردنەدا بەلکو هەمیشە لە هەر کیشمەکیشیکی سیاسیدا شاری کەرکوکیان وەك کارتیك بۆ سیاسەتو بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکار هیناوە، هیچ کات کیشەی کەرکوکیان وەك ئاسودەییو بەرژەوەندیو خواستی دانیشتوانی شارەکە مەترح نەکردووە، بەلکو سەرچاوەی هەلگیرسانی ئاشوبو بیدەسەلاتی خەلکیو تەفرەقەی قەومی بون، ئیستاش لە نیو کیشمەکیشی هەلبژاردندا کەرکوك وەك بازو نیشاندانو تاقینەکردنەوەی نفوزی سیاسی ئەحزابی ناسیۆنالستی کوردیە بەتایبەتی لە لایەن هەردوو حیزبی دەسەلاتدارەوە، بە رای من گەر ئەم سیناریۆیی هەلبژاردنە بەریوە بچیت ئەوا مەترسی زیاتر پیش دینیو کیشەی شاری کەرکوك ئالوز تر دەکات، بۆیە وەلام بە کیشەی شاری کەرکوك چ لە چوارچیوەی عیراقدا بیت یا لە چوار چیوەی کوردستان بیت، دەبی بەر لە هەموو شتی شاری کەرکوك لەسەر بناغەی هەویەتیکی ئینسانیو بەدوور لەهەویەتی قەومی پیناسەی بۆبکری. واتە نەوەك شاریکی کوردیو نە عەرەبیو نەوەك شاریکی تورکمان سەرنجی بۆبدری. خەلکی ئەو شارە لە فەزایەکی ئەوپەری ئازادو ئەمندا دەبیت خۆیان بریار بدەن لە چوارچیوەی کوردستاندا دەبن یا عیراق وهیچ کەسە مافی ئەوەی نیە بەناوی قەومەوە ببیتە وەکیلی ئەو شارەو ئایندەی دیاری بکات.

لەبارەی گەڕانەوەی ئەو کوردانەی کەبەهۆی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێمی بەعسەوە لە کەرکوك دەرکراون دەبێ لەسەرەتادا ئەوەبڵیم کەئێمە ئازادی نیشتەجێ بوون وەك مافیکی رەوای هەرهاوڵاتییەك بەرەسمی دەناسین. بەڵام نابێت سەلماندنی ئەم مافە پەیوەست بێت بەهەڵبژاردنو زیاد کردنی نفوزی حیزبە کوردیەکانەوە چونکە ئەمەش سەرچاوەیەکی تری پێکدادانی قەومیو ئەو ئاشوبەیە کەجێگای ئاماژەی ئێمەیە، بەڵکو دەبێت فەزایەکی ئەمنو ئیمکاناتی مادی وەها برەخسێ کە هەرکەس ئازادبێت بگەڕێتەوە بۆ کەرکوك وە هیچ کەسیش نابێت لە کەرکوك دەربکرێت، بە نەزەری من هەڵبژاردن لە فەزایەکی نائەمنی وەك ئێستای شاری کەرکوك خوی فاکتۆرێکە بۆ توندبوونەوەو مونافەسەی قەومی وکێشمەکێشی لایەنەکان لەسەری نفوز ودەسەلات لەمشارەدا وبێگومان ئەمەش ئاکامیکی باشی نابێتو بە زیانی دانیشتوانی کەرکوك تەواو دەبێت.

**ئۆکتۆبەر/ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هاوکات لەگەل موقاتەعەکردنی سیناریۆی هەڵبژاردن، پێ لەسەر پێویستیی بەرپاکردنی ریفراندۆم لە کوردستاندا دادەگرێت. لەم بارەیەوە ئێوە هەڵویستتان لەسەر ئەو پرۆژەیە چیە کە "بزووتنەوەی ریفراندۆم" بە رەزامەندی یەکێتیو پارتی رۆژی هەڵبژاردن صندوقەکانی دەنگدان بە ریفراندۆم بۆ جیابونەوەی کوردستان دادەنێت.**

ریبوار ئەحمەد/ "بزووتنەوەی ریفراندۆم" هەر لە سەتاوە مامەڵەیەکی خراپی لەگەل مەسەلەی ریفراندۆم کردوە. لەسەرەتادا بە ناوی ریفراندۆمو سەرمەستکردنی خەڵك بە باسی سەربەخۆیی کوردستانەوە، ئیمزای خەڵکی کرد بە پشتیوانی فیدرالیزمی کۆنەپەرستانەی ئەحزابی ناسیونالیستو پەرەپێدانی گیانی نەتەوەپەرەستیو هاندانی کێشمەکێشی قەومی. دوای گێرانی دەوری خۆی لەم مەسەلەیە، ئیتر ئیمزاکانو باسی ریفراندۆمی پێچایەوە.

ئێستا پاش ئەوەی لەسەر بناغەی ئالوگۆر لە هەلومەرجو هاوکیشە سیاسیەکانی عیراق لە ماوەی یەك سالی رابردوودا، بە تایبەتی رەوتی قولکربونەوەی سیناریۆیی رەشو داسەپاندنی حوکمی قەومی ئیسلامی لەلایەن ئەمریکاو هیزە قەومیو ئیسلامیەکانەوە، باسی پێویستی جیابونەوەی کوردستان لەلایەن حیزبی ئێمەوە هێنراوەتەوە گۆرێو خواستی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بوەتە خواستیکی هەمەگیری خەلکی کوردستان، هێنانەوە مەیدانی ئیمزاکانی سالی پارو دانانی صندوقەکانی دەنگدان بە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە راستیدا هەولیكو تەرحیکی ناسیونالیستیە بۆ ئیحتواکردنی ئەم خواستە جەماوەریە فراوانە نەك پیادەکردنی.

با ئەوە لەولاوە راوەستێ کە بۆچیو بە چ دەلیلیك سالیکە "بزووتنەوەی ریفراندۆم" سەری کزکردوەو دەنگی لیوە نایاتو ئیمزاکانی خەلکیشی لە سەری میزی پەرلەمان بە جیهیشتبوو. بەلام بەدەر لەوەی ئەوان نیەتیان چی بیت، ئەم شیوازە لە دەنگدانو ریفراندۆم بە گالتەجارکردنی ریفراندۆمو لەباربردنو خنکاندنی ریفراندۆمە. ریفراندۆمو ئەو سیناریۆی هەڵبژاردنەی بریارە لە عیراقو کوردستاندا بەریوە بچیت، دوو پرۆژەی بە تەواوی ناکۆکن لەگەل یەکتری، هەرکامیان نەفی ئەوی تریان دەکاتەوە. سیناریۆی هەڵبژاردن دەیەوێ پێ لەسەر مافی خەلکی کوردستان بۆ ریفراندۆم بخشینێو ریفراندۆمیش دەیەوێ بەر بە هەولی ئیلحاقی ئیجباری کوردستان بە عیراقەوە بگرێ. بۆیە ئەم دووانە ناکرێو نابیت پیکەوە لە یەك کاتدا بەریوەبچن، دەبێ پیش هەر هەڵبژاردنیك ریفراندۆم بەرپابکریت بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کوردستان لە ریگای راپرسی بە خودی خەلکەوە.

جگە لەمە راپرسیەك کە لە مەراجعی نیودەولەتیدا رەسمیەتی پینەدرابیتو ئەنجامەکەی بەرەسمی نەناسینرابیت، ریفراندۆم نیە، راپرسیەك کە مەراجعی رەسمی نیودەولەتی چاودیری نەکات، ریفراندۆم نیە. راپرسیەك کە پیش وەخت ماوەی پێویست بۆ خستنەرووی ئازادانەی ریگاچارە جیاوازەکان فەراهەم نەکرابیتو خەلکی ئاشنایەتی پییان پەیدا نەکردبیت، ریفراندۆم نیە. راپرسیەك کە لەژیر سەرەنیزەی میلیشادا بەریوەبچیت ریفراندۆم نیە....بۆیە بە هەموو ئەو بەلگانەی باسکران ئەم تەرحە ریفراندۆم نیە بەلکو لە باربردنی ریفراندۆمە. خەلکی کوردستان نابیت پێی خۆشباوەربن، نابێ بەشداری تیا بکەن. ئەگەر "بزوتنەوەی ریفراندۆم"یش نیەتیکی پاکی بەرامبەر خواستو مافی خەلکی کوردستان هەبیت دەبێ دەست لەم پرۆژەیە هەلگریتو پێ لەسەر خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆمیکی رەسمیو واقعی دابگریت کە تیایدا خەلکی کوردستان بتوانن ئاگاهانەو ئازادانە بریار لەسەر چارەنوسو ئایندەی خۆیانو کۆمەلگاکەیان بدەن. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ ئەم سیناریۆ فریوکارانەیەی هەڵبژاردن ریسوا بکریت.

**ئۆکتۆبەر: هاوری ئەمجەد هەوەك ئاشکرایە سیاسەتی حیزب لەبەرامبەر هەلبژاردنەکانی ئیستادا موقاتەعەو بانگەوازکردنی خەلکە بۆ بەشداری نەکردن، بەلام ئەم هەلویستەی حیزب لەلایەن خەلکی شارەکانی خوارو ناوەراستی عیراق‌و کوردستان، لەگەل دوو تەوەقوعی پیچەوانە بەرەو روودەکاتەوە: یەکەمیان کەپییان وایە هەلبژاردن ریگایەکە بۆ کۆتایی هینانی ئیحتلال‌و پیکهاتنی دەولەتیك کەبتوانی بارودۆخی ئیستا بەرەو باشبوون بەریت ودووەمیشیان بەشداری خەلکی کوردستان لەهەلبژاردنەکاندا ئەوان لە "مافە نەتەوەیی‌یەکانیان لەعیراقدا" نزیك دەکاتەوەو ریگە نات بەوەی جاریکی‌تر ببنەوە هاولاتی پلەدوو.. ئیوە وەلامتان بەم تەوەقوعات‌و بۆچوونە پیچەوانانەچی‌یە؟**

ئەمجەد غەفوور: موقاتەعەی ئیمە لە هەلبژاردن‌و مەحکوم کردنی ئەو هەلبژاردنە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەئەمریکاو لایەنە سیاسیەکان پیش وەخت هەموو شتیکیان براندۆتەوەو بریاریان داوە چ جۆرە حکومەتیك پیك دەهینن. "هەلبژاردن" خۆی سیناریۆیەکی گالتەجاری‌و شیوەیەکە بۆ فریودانی خەلکی و شەرعیەت دان بەو حکومەتە کۆنەپەرستەی مەبەستیانە، یانی رەسمیەت دان بە حکومەتی گوێ لەمستی ئەمریکاو مانەوەی هیزەکانیەتی بۆ کاتیکی نادیار، بەم پی‌یەش خەلکی حکومەتی خواستی خۆیان هەلنابژیرن، بەلکو حکومەتیکی دیاری کراوی پیك هاتو لە شۆفینستی عەرەبی‌و ئیسلامی سیاسی بەسەریاندا دادەسەپینریت. ئەمانە خەلك فریو ئەدەن‌و دەیانبەن دەنگیان پێ ئەدەن ئەوەشیان بۆ مەبەست نییە چەند کەس لە دانیشتوانی عیراق بەشداری دەکات یا نایکات. هەلبژاردنی ئیستا نە لە فەزایەکی ئازادو ئەمندایە نە لایەنەکان وەك یەك بەهرەمەندن لە ئیمکاناتی بەشدار بوون. ئەوەشی رۆشنە لەم هەلبژاردنەدا ئەوەیە کەنەك داگیرکاری ئەمریکا دوای هەلبژاردن کۆتایی نایەت، بەلکو مەترسی فەزایەکی تەواو شیواوو نائەمنتر دووچاری خەلکی عیراق دەبیت، کە بیانوی زیاتر ئەدا بەدەست ئەمریکاوە بۆ مانەوەی لە عیراقدا، مەترسی شەری ئەحزاب‌و دابەش بونی عیراق بە گویرەی نفوزی حیزب‌و هیزە سیاسەکان دیتە ئاراوە، بۆیە تەوقعی رزگاری عیراق لە ئەمریکا لەریگای هەلبژاردنەوە تەوەقوعیکی خۆش خەیالیەو ئەم کارە تەنها لەریگەی ئیعترازو ریکخستنی ریزی بەرینی جەماوەریەوە لە ریکخراویکدا کەرزگاری عیراق‌و گەرانەوەی مەدەنیەتی بۆ کۆمەلگا کردۆتە ئامانج، بەدی دیت.

ئەوەش کە لە لایەن ئەحزابی کوردی بەشدار بوو لە هەلبژاردنەکاندا بانگەوازی بۆ دەکریت گوایە بەشداری خەلکی کوردستان لەهەلبژاردنەکاندا ئەوان لە"مافە نەتەوەییەکانیان لەعیراقدا " نزیك دەکاتەوەو ریگە نادات بەوەی جاریکی‌تر ببنەوە هاولاتی پلەدوو، بەراستی تەواو پیچەوانەیە، چونکە حکومەتێ لەسەر بنەمای قەومی عەرەبی‌و ئیسلامی دامەزریت کە چەندها سالە خەلکی کورد بەدەستەیەوە ئازار ئەچیژێ‌و ئەنالینێ‌و وە پلە دوو حسابی بۆ کراوە ئیستا بۆ لە مافە نەتەوایەتیەکان نزیك دەبیتەوەو پلە دوویی نامینی، ئاشکرا دیارە ئەمجارەش ئەحزابی کوردی تەنها بەفریای مەوقعیەتی سیاسی خۆیان دەکەون‌و بانگەوازی خەلکی کوردزمان دەکەن‌و لە تەواوی جیهانداو فریویان ئەدەن دەنگ بدەن بە بیانوی ئەوەی بۆ ئایندەی کورد باشە، ئەمە چ گالتە جاریکە، بەشداری لە حکومەتی قومی عەرەبی‌و ئیسلامیدا کەی بۆ خودی خەلکی عەرەب زمان باش بووە تا بۆ کورد زمانیش باش بیت، ئەو حیزبانە گەر بەتەنگ بەرژەوەندی خەلکیەوە بهاتنایە بیان ویستایە وەلام بە خواستی خەلکی کوردستانیان بدایەتەوە ئیستا باشترین فرسەت بوو پیداگری بکەن لەسەر جیابونەوەی کوردستان، بەلام جیابونەوەی کوردستان بە قازانجی ئەحزابی کوردایەتی‌و ناسیۆنالستی عەرەبی‌و ئیسلامی سیاسی‌و ئەمریکاو دەولەتانی ناوچەکەو تەوافقی نیوانیان نییە.

خەلکی کوردستان دەبیت خۆیان بە فریای خۆیان بکەون‌و ئعترازی بەرین‌و خواستی جیابونەوەیان فراوان کەن‌و بەشداری لەو هەلبژاردنانەدا نەکەن‌و تەحریمی کەن، بابە هەمووەمان لە زووترین کاتدا لە هەولی پیکهینانی ریکخراویکی سیاسی جەماوەریدا بین کە حەرەکەتی رفراندۆم بۆ سەر بەخۆیی کوردستان ریك بخات‌و پتەوی بکات.

**ئۆکتۆبەر/ دوا قسەو پەیامی ئیوە بۆ خەلکی ئازادیخواز لە بارەی سیناریۆی هەلبژاردنەوە چیە؟**

ریبوار ئەحمەد/ قسەو پەیامی من ئەوەیە کە هەر هەلبژاردنیك چ لە ئاستی کوردستاندا یان لە ئاستی عیراق، پیش ریفراندۆم بەتالەو هیچ مەشروعیەتیکی نیە. خەلکی کوردستان نابێ بە پروپاگەندەی ناسیونالیزمی کورد بۆ پیویستی بەشداری لە هەلبژاردن بە بەهانەی "بەهیزکردنی دەوری کورد لە حکومەتی مەرکەزی" فریو بخۆن. ئەوەی ناویان ناوە هەلبژاردن سیناریۆیەکە بۆ گیرانەوەی کوردستان بۆ ژیربالی دەولەتی مەرکەزی بەبێ ئەوەی دانی بە مافەکانی خەلکی کوردستاندا نابیت. ئەوەی ناوی نراوە "بەشی کوردو دەوری کورد لە دەولەتی مەرکەزی" پوچ‌و

فریوکارانەیە، لە دەیان سالی رابردوودا، لەسەردەمی پەلامارە توندەکان بۆسەر خەلکی کوردستان، لەسەردەمی ئەنفالو کمیابارانو کوشتاری جەماعی خەلکی کوردستاندا، هەمیشە هەر وەکو ئیستا جیگری سەرەك کۆمارو جیگری سەرەك وەزیرانو وەزیرو پاریزگاری کورد لە دەولەتی مەرکەزیدا هەبووە بەبێ ئەوەی بە ئەندازەی تالە دەزویەك دەوری هەبوبیت لە بەرگرتن بەو کارەساتانەی بەسەر خەلکی کوردستاندا هینران.

بانگەوازی من ئەوەیە لەم سیناریۆ گالتەجارانەیە بەشداری نەکریتو بۆ ریسواکردنو ناکام کردنەوەی، بۆ بەرگرتن لە ئاکامە تالو کارەساتبارەکانی، هاوشان لەگەل حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بە هەموو توانا تیبکۆشن.